The Law Society

# ڕێنمونی بۆ داواکاریی پەنابەری

**لە کاتی ئامادە کردنی ئەم نامیلکەیەدا، ئاژانسێکی نوێی دەوڵەتی، بە ناو the Border and Immigration Agency (BIA) 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' بەرپرسایەتی کاروباری پەنابەری لە Immigration & Nationality Directorate (IND) 'دایەرەی کۆچبەری و گەلایەتی' پێشوو وەرگرت بۆ پێداچوونەوەی داواکارییەکان.**

## بە زووترین کات ئامۆژگاری وەربگرن

یاسای پەنابەری ئاڵۆزە، زۆر گرنگە کە ئامۆژگاری یاسایی وەربگری و کەسێکت هەبێت کە داواکارییەکەت پێشکەش بکات. ئەبێت بە زووترین کات پارێزەرێک بدۆزیتەوە، چونکوو ماوەیەکی زۆر کورتت لە بەر دستتدایە بۆ پێشکەشکردنی بەڵگە و هەر چەشنە پاڵپشتێک کە بۆ داواکارییەکەت هەبێتت.

## دۆزینەوەی پارێزەر لە ئەنگلتەرا و لە وەیڵز

بۆ دۆزینەوەی پارێزەرێک کە ئیشی پەنابەری بکات، لە ئەنگلتەرا و لە وەیڵز، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:
www.lawsociety.org.uk/findasolicitor بگەڕێ بۆ immigration یان تەلەفۆن بکە بۆ ئەم ژمارە ٠٨٧٠٦٠٦٢٥٥٥

## ئەوەی کە پارێزەرەکەت ئەبێت بزانێت

ئەمانەی خوارەوە ئەبێت بڵێیت بە پارێزەرەکەت:

- کەی وولاتەکەی خۆتت بە جێ هێشتووە و کەی گەیشتوویتە بەریتانیا
- چلۆن گەیشتوویتە بەریتانیا وە لە چ ڕێگایەکەوە هاتوویتە ئێرە
- لە بەر چ هۆیەک وولاتەکەت بە جێ هێشتووە
- ئایا مەترسیت لە سەرە بگەڕیتەوە بۆ وولاتەکەت، ئەگەر بەڵێ، لە بەر چ هۆیەک
- باری خێزانیت
- چ کاغەزێکت داوە بە 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری'
- ئایا فۆرمێکت پێ دراوە پڕی بکەیتەوە و بیگەڕێنیتەوە، ئەگەر بەڵێ، تا کەی ئەبێت بیگەڕێنیتەوە

## چلۆن پارێزەرەکەت ئەتوانێت یارمەتیت بدات

پارێزەرەکەت دەتوانێت:

- فۆرمی داواکاری پەنابەریت بۆ پڕ بکاتەوە، ئەگەر فۆرمت پێ درابێت
- یارمەتیت بدات بۆ نووسینی بەسەر هاتەکەت بە چەشنی فەرمی
- ئامۆژگاریت پێ بدات لە سەر رادەی بە هێز بوونی داواکاریەکەت
- داوای بەردانت بکات ئەگەر گیرابێتی
- ئامادە کردنی فایلەکەت و پاڵپشتی کردنت لە دادگادا
- ئامۆژگاریت بکات لە سەر داهاتووی داواکاریەکەت
- زانیاری زیاتر لە سەر هەر چەشنە کاغەزێک کە بۆ فایلەکەت پێویست بێت وەکوو نامەی دوکتۆر یان کەسێکی شارەزا لە بار و دۆخی وولاتەکەت

## پارەی پارێزەر

ئەگەر پارەت کەم بێت یان هەر پارەت نەبێت، بۆت هەیە ئامۆژگاری یاسایی بەلاش وەر بگری لە سەر داواکاری پەنابەرییەکەت. ئەمە بە 'یارمەتی یاسایی' Legal Help ناسراوە. پارێزەرەکەت ئەمەت بۆ شی ئەکاتەوە و هەروەها ئەو شتانەت بۆ روون ئەکاتەوە کە لە سەر ئەو پارەیە ئەتوانێ بۆت بکات. پارێزەرەکەت پێت ئەڵێت کە چەن پارەت لێ وەر ئەگرێت ئەگەر بۆت نەبێت ئامۆژگاری بەلاش وەربگری.

## داواکردنی پەنابەری

بۆ ئەوەی بە پەنابەر بناسرێیت، پێویستە بیسەلمێنیت کە مەترسی سزادانت لە سەرە بە هۆی رەگەز، ئایین ، گەلایەتی، بیروباوەڕی رامیاری یان ئەندامەتی گروپ و دەستەیەکی تایبەت، وە دەوڵەتی وولاتەکەی خۆت ناتوانێت یان نایەوێت بتپارێزێت.

کاتێ داوای پەنابەری ئەکەیت هاوکات داوای ئیزنی مانەوە لەم وولاتە ئەکەیت لە سەر بنەمای مرۆڤایەتی. ئەگەر بتووانی بسەلمێنی کە لە گەڵ گەڕانەوەت بۆ وولاتەکەت بەرانبەر ئەبیت لە گەڵ هەڵس و کەوتی نامرۆڤانە یان لێت ئەدرێت، ئینجا داواکاریەکەت ئەبێت بە داواکاری 'پاراستن لە سەر بنەمای مرۆڤایەتی'

لەوانەیە هۆکاریترت بێت بە پێی یاسای مافی مرۆڤ، کە ئەبێت ئیزنت بدرێت لە بەریتانی بمێنیتەوە. پارێزەرەکەت دەتوانێ پێت بڵێت کە داواکاریەکەت لە سەر پاراستنی مرۆڤایەتیە یان چەشنەکانی تری ئیزنی مانەوەت پێ ئەدرێت.

## پرسینەوەی رووبەڕوو Screening interview

داواکاری پەنابەری ئەبێت بە زووترین کاتی شیاو پێشکەش بکرێت. ئەمە دەتوانێ لە فڕۆکەخانە یان لە وێستگەی باپۆڕی شوێنی گەیشتن بە بەریتانیا بێت. ئەگەر پاش هاتنە ژوورەوە پێشکەشی بکەیت، ئەبێت لە بەشی ' یەکەی پرسینەوەی رووبەڕوو Asylum Screening Unit لە Croydon 'کرۆیدن' یان Liverpool 'لیڤرپۆڵ' بێت. هەر لەو رۆژەدا کە داواکاریەکەیت پێشکەش ئەکەیت یان بە زووترین کات پرسینەوەیەکی رووبەڕووت لێ ئەکرێت. لەو پرسینەوەدا 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' پرسیارت لێ ئەکات سەبارەت بە خۆت و جلۆنایەتی گەیشتنت بە بەریتانیا' پاشان وێنەت ئەگیررێت و پەنجەمۆرت وەرئەگرن و کارتێکی ناونووسیت پێ ئەدرێ کە پیشاندەری داواکاریتە بۆ پەنابەری.

پاشان 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' بڕیار ئەدات بە چ شێوەیەک داواکاریەکەت جێبەجێ بکرێت.

لە پرسینەوەکەدا ئەبێت پاسەپۆرت یان  ناسنامەیەک بدەیت بە 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' ئەگەر هیچ چەشنە ناسنامەیەکت پێ نیە دەسبەجێ لە گەڵ پارێزرەکەت پەیوەندی بکە و ئامۆژگاری وەر بگرە.

## شێوازی نوێی پەنابەری (نام)
## New Asylum Model (NAM)

لەم هەلەدا لەوانەیە داواکاریەکەت بە پێی شێوازی نوێی پەنابەری (نام) جێبەجێ ببێت. ئەگەر وەها بێت فەرمانبەرێکی 'هۆمئۆفیس' لە ماوەی چووار رۆژ بە شوێن بە دەستەوەدانی داواکاریەکەت چاوپێکەوتنت لە گەڵ ئەکات. ئەو کەسە بەرپرس ئەبێت بۆ تەواوی هەلەکانی دواکاریەکەی تۆ، وەکوو پرسینەوە، دووبارە پێشکەشکردنی داواکاری ئەگەر داواکاریەکەت پەسند نەکرا، خانووبەرە، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. ئەگەریش داواکاریەکەت پەسند کرا یارمەتیت ئەدات بۆ نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا. ئەگەر پاش دووبارە کردنەوەی دادگا هەر داواکاریەکەت پەسند نەکرا، هەر ئەو فەرمانبەرە بەرپرسە لە بەڕێکردنت بە مەیل یان بە زۆر بۆ دەرەوەی بەریتانیا.

## فۆرمی دەربڕینی بەڵگە 'ستەیتمێنت ئۆڤ ئێڤیدێنس'
## Statement of Evidence Form

لەوانەیە 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' ئەم فۆرمەت پێ بدات کە پڕی بکەیتەوە. ئەم فۆرمە ئەبێت بە ئینگلیزی پڕ بکرێتەوە و لە ماوەی دە رۆژدا بیگەڕێنیتەوە بۆیان. زۆر گرنگە کە تەواوی بەشەکانی فۆرمەکە پڕ بکرێتەوە و لە ماوەی خۆیدا بگەڕێتەوە بۆیان.

ئەبێت داوا لە پارێزەرەکەت بکەیت یارمەتیت بدات بۆ پڕ کردنەوەی فۆرمەکە. هەموو کەسێ بۆی نیە ئەم فۆرمە پڕ بکاتەوە. برێ جار بڕیاری پەنابەری تەنیا بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە پرسینەوەکەدا داوتە دەگیررێت.

The Law Society

# ڕێنموونی بۆ داواکاریی پەنابەری

## پرسینەوەی پەنابەری

پاش پرسینەوەی رووبەڕوو، لەوانەیە بانگ بکرێیت بۆ پرسینەوەیەکی درێژخایەنتر بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانت بۆ داواکاریی پەنابەری. ئەبێت تا ئەو جێگە پێت ئەکرێت زانیاری لەم بارەوە بدەیت و ئەگەر ناساغیت هەیە یان نامەیەکت لە پسپۆڕێکەوە هەیە ئاگاداریان بکەیت. ئەم پرسینەوە زۆر گرنگە و بە پێیَ ئەو زانیاریانە کە ئەیدەیت بڕیار سەبارەت بە داواکاریەکەت دەرئەکرێت. ئەگەر فۆرمی دەربڕینی بەڵگە 'ستەیتمێنت ئۆڤ ئێڤیدێنس' پڕ کرابێتەوە زانیاریەکان پێکەوە هەڵئەسەنگێنن. پرسینەوەکە زۆر گرنگە و ئەبێت پرسیار بکەیت لە پارێزەرەکەت لە گەڵت بێت. بۆ ئەم مەبەستە بە چەشنی ئاسایی پارە بە پارێزەرەکەت نادرێت. ئەگەر پارێزەرەکەت ناتووانیَ لە گەڵت بێت ئەبێت داوا بکەیت پرسینەوەکە لە سەر شریت ریکۆرد بکرێت.

## دەسبەسەرکردن

تۆ بۆت هەیە لە هەر کاتێکدا دەسبەسەر بکرێیت 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' ئەبێت هۆیَ دەسبەسەرکردنت دیاری بکەن. ئەگەر دەسبەسەر کرایت ئەبێت دەسبەجیَ پەیوەندی بە پارێزەرەکەتەوە بکەیت کە رزگارت بکات.

لە جیاتی دەسبەسەر کردن لەوانەیە بە سیستەمی ئەلەکترۆنی دیاری بکرێیت، واتا هەر جێبەجیَ بوونێکت کۆنترۆڵ بکرێت یان داوات لیَ بکرێت لە ماوەی دیاریکراودا سەری ناوەندی راپۆرت بدەیت.

زۆر گرنگە کە 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' وە هەروەها پارێزەرەکەت ئاگادار بکەیتەوە لە چلۆنایەتی پەیوەندی پێوە کردنت.

## داوای پێداچوونەوە Appeals

ئەگەر داواکاری پەنابەریەکەت پەسند نەکرا ئەبێت دەسبەجیَ داوا لە پارێزەرەکەت بکەیت ئامۆژگاریت بکات بۆ دەربڕینی دژایەتی بڕیارەکە و داوای پێداچوونەوە، چونکوو ماوەیەکی زۆر کەمت لە بەر دەم دایە بۆ ئەو کارە. بڕی جار داوای پێداچوونەوە تەنیا لە دەرەوەی بەریتانیاوە وەر ئەگیررێت. لەوانەیە پارێزەرەکەت بتووانیَ پەروەندەکەت ئامادە بکات لە جیَ تۆ شوێنی کارەکەت بگرێت. شیوازێکی جیاوازی کەڵک وەرگرتن لە ئامۆژگاری یاسایی بەلاش هەیە کە پیَ ئەووترێت 'کۆنترۆڵد لیگاڵ ڕێپرێزێنتەیشن' Controlled Legal Representation پارێزەرەکەت بۆت شی ئەکاتەوە کە چەن پارەت لیَ وەر ئەگرێت ئەگەر نەتووانێت بە بەلاش بۆتی بکات.

## پارە و خانووبەرە

ئەگەر هیچ ڕێگایەکت نیە بۆ دابین کردنی خەرجیی خۆت، دەتووانی داوای یارمەتی لە 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' بکەیت. ئەم خزمەتگوزارییە بە ناوبانگە بە 'خزمەتگوزاریی ناوچەیی پاڵپشتی پەنابەر' National Asylum Support Service 'ناس'. لەوانەیە پارەی دەستی وەربگری یان خانووی کاتیت پیَ بدەن. لەوانەیە بنێردرێیت بۆ بەشێکی‌تر لە ووڵات نیشتەجیَ بیت. پارێزەرەکەت توانایی روون کردنەوەی ئەوە کە تۆ چ یارمەتیەک وەر ئەگری هەیە و بۆت شی ئەکاتەوە.

## حاڵەتی شوێنگرتنی بە پەلە

ئەگەر لە لای 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' بەجیَ بوونی داواکاریەکەت ئاشکرا بێت، لەوانەیە فایلەکەت بخرێتە ناو حاڵەتی شوێنگرتنی بە پەلە، واتە بە زووترین کات جووابت بدەنەوە. لەم کاتەدا لەوانەیە دەسبەسەر بکرێیت. ئەبێت پارێزەرەکەت بە زووترین کات لەوەی کە فایلەکەت دەسنیشان کراوە بۆ شوێنگرتنی بە پەلە، ئاگادار بکەیتەوە.

## سنووورداشکردن لە بەریتانیا

ئەگەر داواکارییەکەت پەسند نەکرا، لەوانەیە ناچار بکرێیت بەریتانیا بە جیَ بێڵیت. 'ئاژانسی سنوور و کۆچبەری' دەتووانیَ بە زۆر سنووورداشت بکات یان دەسبەسەرت بکات تا خۆت ناچار بیت بڕۆیتە دەرەوە لە ووڵات. ئەگەر داواکاری پەنابەریەکەت پەسند نەکرا پێویستە بە زووترین کات پارێزەرەکەت ئاگادار بکەیتەوە. ئەگەر هاریکاری دەڵەت نەکەیت بۆ گرتنی ئیزنی سەفەر، لە بەریتانیا سنووورداش ئەکرێیت و ئەمەش بە تاوان دائەنرێت.

## دۆزینەوەی پارێزەر لە سکۆتلەندا

ئەم نامیلکەیە لە لایەن 'کۆمەڵەی یاسای ئینگلتەرا و وەیڵزەوە بڵاو کراوەتەوە. بۆ دۆزینەوەی پارێزەر لە سکۆتلەند:

- تەلەفۆن بکە بۆ کۆمەڵەی یاسای سکۆتلەند لە سەر ژمارەی ٠١٣١٢٢٦٧٤١١ یان سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:
- www.lawscot.org.uk

## زانیاری زیاتر

ئەم نامیلکەیە یەکێکە لەو نامیلکانە کە زۆربەی خزمەتگوزاریی پارێزەرە یاساییەکان بڵاوی ئەکەنەوە. نامیلکەکانی تر ئەمانەی خوارەوەن. تۆ دەتووانی بە هۆیَ پارێزەرەکەتەوە بە دەستیان بێنیت یان تەلەفۆن بکەیت بۆ کۆمەڵگای یاسا لە ئینگلتەرا و لە وەیڵز لە سەر ژمارەی ٠٨٧٠٣٣٣٣٠٨٤

- ڕێنموونی بۆ وەسیەت کردن
- ڕێنموونی بۆ کڕینی خانوو
- ڕێنموونی بۆ جیابوونەوەی ژن و مێرد
- ڕێنموونی بۆ چارەسەرکردنی ئاڵۆزی لە ئیشدا
- ڕێنموونی بۆ دەسپێکردنی کاسبی
- ڕێنموونی بۆ داواکردنی تاوانی زامداربوون
- ڕێنموونی بۆ کاروباری پارەی تەمەنداران
- ڕێنموونی بۆ پێکەوەنانی خانوو لە گەڵ هاوسەرەکەت
- ڕێنموونی بۆ کرێدانی خانوو
- ڕێنموونی بۆ بە کریَ گرتنی خانوو
- ڕێنموونی بۆ کاروباری پارێزەر
- ڕێنموونی بۆ کاروباری کەفن و دەفن

**ئەم نامیلکانە بە چەشنی گەورە نووسراو یان نووسینی تایبەت بە نابینایان وە هەر وەها لە سەر شریت یان لە سەر سی‌دی دەست دەکەون. ئەگەر پێویستت بە هەر کام لەم جۆرانەیە نامە بنێرە بۆ:**

accessibility@lawsociety.org.uk

**یان تەلەفۆن بکە بۆ ئەم ژمارە:**

٠٨٧٠٦٠٦٢٥٥٥

**هەر وەها ئەم نامیلکانە بە شێوەزاری جۆراجۆر دەست دەکەون. تۆ دەتوانی لە سەر ماڵپەری www.lawsociety.org.uk بیاندۆزیتەوە.**

Lexcel

Look for Lexcel - the mark of excellence